
# بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و نەخۆشییەکانی ... هەردەوان نەقشبەندی



زۆربەمان رۆژانە چەندان کاتژمێر بەسەر دەبەین لە بەرامبەر کۆمپیوتەرەکەماندا و جا ئەگەر ئینتەرنێتیشمان هەبێت ئەوا زیاتر دەبێت، زۆر جاریش باسی ئەوە کراوە زۆر دانیشتن لە بەرامبەر کۆمپیوتەر ئەوە زۆر کاردانەوەی خراپی هەیە. بەڵام ئەوە کاری رۆژانەی زۆربەمانەو هەندێکمان گوزەرانی لەسەر ئەوە وەستاوە، هەندێک لە شارەزایان نەخۆشیەکانیان ناو ناوە نەخۆشی کۆمپیوتەری وەکو چاو ئێشە و سەرئێشە و ئازاری پشت و زۆری نەخۆشی دی لێرەدا حەز دەکەم بزانن چۆن خۆمان لەو نەخۆشیانە بپارێزین؟!.

بەکارهێنانی زۆری کۆمپیوتەر زۆر کاردانەوەی هەیە کە بە زۆر بەکارهێنانی زیاتر لێمان دیار دەبێت و جگە لە ماندووبونی زۆری چاو و لەش هەندێک جار دەبێتە ئازاریش بۆمان، بۆیە لەم ماوەیەدا قوتابیەکی خوێندنی باڵا لە یەکێک لە زانکۆکانی چین بە ناوی "تساو تشوە" لێکۆلینەوەیەکی درێژی لەسەر ئەم کارە ئەنجامداوە، "تساو تشوە" دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی کە کارکردن لەسەر کۆمپیوتەر کارێکی وانیە کە وازی لێ بهێنرێت چونکە هەموومان رۆژانە کارمان پێیەتی و کارەکانمان بۆ ئاسان دەکات بەڵام دەبێت بزانین چۆن بەکاری بهێنین؟!. چونکە زۆر ترین کاردنەوەی نێگەتیڤانەی لەسەر مرۆڤ کز کردنی چاوە، چونکە تۆ بە بەردەوامی دەبێت سەیری ئەو مۆنیتەرەی بەرامبەرت بکەیت. جگە لەوەی زۆر جار شێوەی دانیشتنەکانمان زۆر کار لە پشت و ماسولکەکانمان دەکات بۆیە ئەگەر سەیری بکەین خۆ پاراستن لە نەخۆشیەکانی کۆمپیوتەر زۆر ئاسانە و پێویستە جێبەجێی بکەین گرنگترینیشیان ئەمانەن:

1. لەگەڵ هەر کاتژمێرێ یان دوو کاتژمێر کارت کرد لەسەر کۆمپیوتەر بۆ ماوەی دە خولەک پشوو وەر بگرە و برۆ دەرەوە لە ژورەکەت و سەیری دارو درەخت بکە.
2. بۆ نەمانی ئازاری ئەژنۆکانت ئەوا هۆکارەکەی بۆ شێوەی دانیشتنەکەتانە، کە هەوڵ بدە زوو زوو بجوڵێت و لەسەر کورسیەک بە کە جوڵەی هەبێت.
3. لە هەمووی گرنگتر شێوەی دانیشتنەکەتە، باپشتت بە کورسیەکەوە بێت. بە ئومێدی ئەوەی لە نەخۆشیەکانی کۆمپیوتەر دور بین، ئەنجا پێتان سەیر نەبێت مادام ئەنفلۆنزای باڵندە و شتێتی مانگا هەیە نەخۆشیی کۆمپیوتەر زۆر باشترە لەوان.

Hardawan Naqshbandy
Kurdistan-Hawler
http://it4kurd. tripod. com/Web Site:
Mobile: 00964 750 4461340